# مینەی شاعیر... محەمەد ئەمین حوسێن
# یان هێمای زمانی جەستە



ئامادەکردنی: سەردار فەتاح ئەمین



مینەی شاعیر 2001 ئەمستردام

مینەی شاعیر یەکێکە لەو دەنگە شیعریانەی، لە دوای هەرەسی(1975 )ەوە توانی جێ پەنجەیەکی پتەوی شیعری بۆ خۆی بکاتەوە، نزیکەی 10 ساڵ دەبوو لە گۆڕەپانی شیعری کوردیدا بە بێدەنگی دەینووسی ، بەڵام بە گوژم و تینێکی ترو وەک شاعیرێکی بەرگری ئەو سەردەمە لە کۆڕ و سمینارەکاندا، خۆی پێشکەشی جەماوەری شیعر دۆستی ئەوکاتەی سلێمانی کرد.

پاشان لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا ڕووی کردە شاخ و لە ناوچەی قەرەداغدا گیرسایەوە و لەوێش دەستی لە قەڵەمەکەی بەرنەدا و کەوتە نووسینەوەی کتێبێکی بەنرخ لەسەر کاروپیشەکانی کوردەواری، بەتایبەتی گەرمیان و ناوچەی قەرەداغ و بەناوی (سەلیقەی کوردەواری) یەوە.

هەر ئەوکاتە لە دووتوێی گۆڤاری (کلتور)ی شاخدا چاپ و بڵاویکردەوە .

مینە، هەرگیز لە خەڵکی گوندنشین و پێشمەرگە خافڵ نەبووە، وەک مامۆستای شۆڕش چەندین نەخوێندەواری فێری خوێندنەوە و نوسین کردووە. پاش کارەساتە جەرگ بڕەکەی 1988 کە سەراپای کوردستان و گوندەکان سوتماک کران؛ خەڵکەکەی ئەنفال و بێ سەروشوێن کران، لەڕووی ناچارییەوە ئەمیش وەک یەکێک لە پێشمەرگەکانی کوردستان ئاوارەی خاکی ئێران بوو. ماوەیەک لە شارۆچکەی سەقز نیشتەجێ بوو، پاشان لە(1989)وە چووە وڵاتی غەریبی ، لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەژیا.

* مینە لە ساڵی 1952 لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لە دایک بووە.
* ساڵی 1984 بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی ئاداب بەشی زمان و ئەدەبی کوردی وەرگرتووە.
* لە ساڵی 1989ەوە تا 2005 لە لەندەن ژیاوە، ئێستا گەڕاوەتەوە کوردستان و لە سلێمانی دەژی.



یەکێک لە کۆڕەکانی مینە لە ئەمستردام 22 /12 /2001

مینە خاوەنی دەیان شیعری بە پێز و نوسین و چیرۆکی زیندووە، چیرۆکی (کڵاو) (حەمە غەفوری دوێنێی گەڕەکی سەرشیوەکە و میستەر تۆمی ئەمڕۆی ئەوروپا) پاڵەوانێکی واقیعی ئەمڕۆی هەندەرانە، هەرکەس خوێندبێتێوە، هەرگیز لە بیری ناچێتەوە و هەست دەکات پاڵەوانەکەی لە دەوروبەری ئەو دەژی.
هەرەس کارەسات و ڕووداوێکی جگەربڕ بوو لە مێژووی میللەتەکەماندا؛ بەڵام بۆ هاوتەمەن و نەوەی ئەوکاتەی وەک مینە، هاندەرێکی گەورە بوو لەبەرەوپێشچوونی بیریاندا.
لەوەدەچوو ئەو هەڵەنگوتن و تێکشکانەی گەلی کورد، هەستانەوە و خۆپەروەردەکردنی بیری و هۆشی نابێتە ئەستۆی هەریەکەیان لەو سەردەمەدا.
لە شیعری (گۆرانیەک بۆ بەهاری پاش شەختەی زام ) کە لە باخچەکەی یەکێتی نوسەران لە کۆڕێکدا پێشکەش کرا، لەسەردەمێکدا بوو، کە شیعر لە نووکی پێنووسەکەشی سڵی دەکردەوە، بەڵام مینە ڕووی شیعری کردۆتە سەرانی شۆڕشە نوێکەی کوردستان و بە ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆیان دووپات دەکاتەوە.
بۆ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەش لە شیعری(ژیلەی هەڵچوونی مەرگ)دا کە پێنج هەزار قوربانی هەڵەبجەی شەهید دەلاوێنێتەوە، یەکەم جار وەک نامیلکەیەک لە سەقز بڵاوی کردۆتەوەو هەر لەو کاتەشدا لە ئێسگەی رادیوی سنە بە دەرهێنانێکی تەواو جوان و دڵگیر خوێندرایەوە.
تا ئێستا ئەم بڵاوکراوانەشی بە کتێب بە چاپ گەیاندووە:
1- (سەلیقەی کوردەواری ) ساڵی 1994 لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوید- کوردستان لە دووتوێی بەرگێکی 148 لاپەڕەییدا چاپکرا.



مامۆستا مینه و پرۆژەی لێکۆڵینەوەکەی زمانی جەستە، بۆتە چەندین لێکۆڵینەوە، تا ئێستا لە دووتوێی ئەم کتێبانەدا بە چاپ گەیەندراوون لایەنی مێژوویی و سەرهەڵدانی زمانی جەستەی خستۆتە ڕوو:




2- زمانی جەستە پرۆژەیەکی گەورەی مینە یە، لە کتێبی یەکەمیدا دەربارەی زمانی جەستە ... (پەیوەندیە گۆنەکراوەکان) – ساڵی 2004 لە سلێمانی لە 190 لاپەڕەدا چاپکراوە)، ئەم بابەتە سەرەتا لە کۆڕێکدا، ڕێکەوتی 2001/12/22 لە هۆڵی یانە ی کوردی "میدیـــا" لە هۆڵەندە- ئەمستردام بە باسێکی بە نرخ و نوێ و پڕ تام و چێژ، ئامادەبووانی ئەو کاتەی هەژاند و تێکڕایان ڕاستەوخۆ بەشداری باس و گفتوگۆکانیان کرد. هەروەها لە زانکۆی سلێمانی ئەکادیمیانی کوردستان، کۆڕێکیان بۆ سازکرد و هەمان بابەتی بە شێوەیەکی تێر و تەسەلڕ پێشکەش بە مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆکە کرد.
3- عیشق لە جوانکاریدا، دوو لێکۆڵینەوەیە لەسەر شیعرەکانی مەحوی، ساڵی 2005 لە سلێمانی، بەڕێوەبەری گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، وەزارەتی رۆشنبیری ، چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. هەرچەند ئەو ووتارانە کاتی خۆی یەکێکیان لە گۆڤاری بەیاندا بڵاوکراوەتەوە و دووەمیشیان هاوبەشی پرۆژەی (دەربارەی مەحوی لوتکە) ی پێکرد.
4-- زمانی جەستە ...( درۆ و هێماکانی درۆکردن) نوسینی مینە، چاپی 2007 ، لە دوو توێی 100 لاپەڕەدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە.




5- لە بارەی وەرگێڕانیشەوە، مینە لە شاخ کتیبی (تأملات فی الانسان) لە نوسینی (رجاء النقاش) ی لە عەرەبیەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، ئەوەبوو دوای تەوابوونی بابەتەکە و ئامادەکردنی بۆ چاپ، دۆستێکی هەواڵی بۆ دەنێرێت کە گوایە ئەو کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و ئێستا لەژێر چاپدایە، مینەش چونکە دەستی بە شاردا نەدەگەیشت، بۆیە ناچار ئەو کارەی پشتگوێ نا و دوای ئەوەی کە گەشتە لەندەن لە بڵاوکراوەی مانگانەی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە بەریتانیا بە زنجیرە بڵاویکردەوە.

7- هەروەها لە ئێرانیش دوو بەشی کتێبی کورد و کوردستانەکەی (ڤاسیلین نیکتین)ی وەرگێڕاوە، بەڵام ئەویش بە دەردەکەی (تڕملات) چوو.

8- کتێبێکی (کارۆ) بەناوی (نامەهای سەرگەردان)، کە بریتی بوو لە پانزە نامە، بەڵام مینە تەنها پێنجیانی وەرگێڕاوە و لە گۆڤاری کلتووردا بڵاویکردۆتەوە و لەم دواییەشدا لە سلێمانی لە نامیلکەیەکدا بە چاپی گەیاندەوە.

9- زمانی جەستەی ڕەنگ... تێگەیشتن لە پەیامە نهێنیەکانی مرۆڤ، نوسینی/ ستیڤن جۆن کلبەرت وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە، مینە بە هاوکاری کەمال حەسەن، چاپی 2007 ، لە دوو توێی 178 لاپەڕەدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە.




10- زمانی ڕوخسار ...( ڕابەرێک بۆ ناسینەوەی کەسی شیاو نوسینی): ڕۆبەرت ئێڵ وایتساید وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە مینە، چاپی 2007، لە دوو توێی 198 لاپەڕەدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە.




ئەم باسە  واتە زمانی لەش یان جەستە لە هەموو زمانەکانی دنیادا و لە کتێبخانەکانیاندا سەدان کتێبی لەسەر نوسراوە و بە باسێکی سەربەخۆ لێی دواون و لایەنێکی گرنگی دەروونی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەگرێتەوە. تەنانەت بە زمانی هۆڵەندیش دەیان کتێب لەم ڕووەوە لە کتێبخانەکانیاندایە، بە ناوی (لیخامسەتاڵ) و بە ئینگلیزیش Body language بۆدی لانگویچی پێ دەڵین.

زمانی جەستە پێش ئەم نوسینە ئەکادیمیانەی مینە،  لە کوردی دا بە نوسراو ئەوەی ئێمە ئاگامان لێی بێت، هیچی دەربارە نەنوسراوە، ئێستە مینە بەم بەرهەمانەی دەوڵەمەندی کردووین.

زۆربەی زانایان لەسەر ئەوە پێک هاتوون، کە ئەم زانستە پتر لە سەدان هەزار ساڵە لە ئارادایە، بەڵام تا ساڵی 60 ی سەدەی پێشوو، کەمتر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر کراوە. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا زانایان هەوڵی ئەوەیان داوە، کە لە هەڵسوکەوت و جوڵە و هێماکانی مرۆڤ بکۆڵنەوە و لە ڕووی زانستی زمانی لەشەوە توێژینەوەی لەسەر بکەن.

مینەی بیرو بۆچوونی چەندەها زانای ئەم بوارەی خستە ڕوو، بە چەند نموونەیەکیش حاڵەتەکانی، بەوێنە و نەخشەی جۆراوجۆری خۆی پیشانداوە. بەراوردی کردووە لەگەڵ ئەو حاڵەتانەی، کە لە لای کورد و گەلانی ترهەن.

مینەی شاعیر تەنها نوسەرێکی بەتوانا و بەسەلیقە نییە، بەڵکو مرۆڤێکی خۆشەویستی ناو دۆست و هاوڕێکانی و پێشمەرگەیەکی خۆش مەشرەب و قسە خۆشە و دەیەها نوکتە و سەرگوزشتەی لە نێوان و خۆیی و هاوڕێکاندا دەگێڕدرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەنگێکی زوڵاڵ و خۆش و خەمباری هەیە تەنها هەندێک کات بۆ خۆی و بۆ هاوڕێ نزیکەکانی دەچڕێ.

مینە ئێستا لە سلێمانی دەژی و خۆی واتەنی ئەو کورتە تەمەنەی، کە ماویەتی تەرخانی کردووە بۆ خوێندنەوە و نوسین و ئێستاش بابەتێکی نوێی بە دەستەوەیە لەسەر زمانی جەستە، بە ناوی (مەودا) هەروەها کتێبێک بەناوی (خاڵبەندی لە زمانی باڵای کوردیدا). لە بارەی وەرگێڕانیشەوە ڕۆمانێک لە زمانی فارسیەوە بەناوی ( بەهەشتی خۆڵەمێشی) و کتێبێکی مێژوویی بەناوی (لانکەی رەگەزی مرۆڤ) لە زمانی ئینگلیزیەوە وەریدەگێڕێت.

ئێمە داوای تەندروستی باش و تەمەندرێژی بۆ ئەکەین بەڵام وەک خۆی ئەڵێت: ئەگەر دوای ئەوانەش مەرگ بواری لێنەبڕێت نیازی نیە خۆی خانە نشین بکات.